# نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی و ئەستێرەی شەش لا لەسەر دراوی میرنشینی شەددادی- توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە

**هاوڕێ جبار حمدامین**

بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شەددادییەکان لە هەرێمی ئاران توانیان میرنشینێک دابمەزرێنن، سەبەخۆیی خۆیان لە ڕوی کارگێڕی و دارایی بەدەستهێناوە، ئەمە لەڕێگای ئەو دراوانەی لەسکەیانداوە دەردەکەوێت. لەسەر دراوەکان ئەستێرەی شەش لاو نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕێنوسی کوفی بەکارهاتوە، توێژەر هەریەکە لەمانەی شیکردۆتوتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوە، بریتییە لە دەرخستنی شێوازی بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا و نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕێنوسی بەکارهاتو. میتۆدی پەیڕەوکراوی توێژینەوە، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتوە، بەمەبەستی ئەوەی بتوانین وردتر لە گرنگی بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا بگەین، هاتوین بە سەرچاوەی مێژوویی نوسراومان گرێ داون و شیکاری مێژوویانەمان کردوە. بۆ ئەم مەبەستە چوا دراومان وەک بەڵگەنامە بەکارهێناوە، لەلایەن میرە جیاوازەکانی میرنشینەکەوە لێدراون، لەگەڵ نەخشاندنی ئەستێرەکە، چەندین نەخشی ئەندازەیی شێوە جیاواز بەکارهاتوە، بە مەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوەو پڕکردنەوەی بۆشایی سەردراوەکان. دوای کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لەسەرچاوە جیاوازەکان لە نمونەی پەرتوکی مێژوویی و توێژینەوەی زانستی بەکارهێنانی وێنەی دراوەکان وەک بەڵگەنامە، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتوە بریتییە لە: شەددادییەکان تەنها درهەمیان بە ناوی خۆیان لێداوە. ئەمەش نیشانەی لاوازی میرنشینەک دەردەخات لەڕوی ئابوریەوە، یانتوانیوە دینار لێبدەن. لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی هەر میرێک، هەوڵی سڕینەوەی ناوی میری پێش خۆی داوە، دراو یەکێکە لەمەرجەکانی سەربەخۆیی، لەڕووی ئابوری، توانیویانە ئەم دراوانە لە مامەڵە داراییەکان بەکاربهێنن. میرەکان بۆ چەند مەبەستێک ئەم شێوە ئەستێرەیان نەخشاندوە، یەکێک لەمەبەستەکان گەردونناسی و ئەستێرەناسی بو، یەکێکی تر لە ژێرکاریگەری شارستانییەتی هێزە ناموسڵمانەکان، بەتایبەت بەشێک لەمیرەکان یان خێزانیان یان دایکیان لە خێزانە دەسەڵتدارە مەسیحیە ئەرمەنییەکان بون. هەروەها بۆ مەبەستی کارئاسانی بازرگانی بوە لە نێوان شەددادی و دەسەڵاتدارە ناموسڵمانەکانی هاوسنوریان.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەستێرەی شەش لا، هەرێمی ئاران، شەددادی، نەخش وزەخرەفە، خەتی کوفی.

## ١. پێشەکی

دراو یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی نوسینەوەی مێژوو، لەبەر ئەو بەهایەی لە ڕوی سیاسی- ئابوری و ئایینییەوە هەیەتی، بە تایبەت لەسەردەمی ئیسلامی، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بواری ڕاگەیاندن، لە ڕێگای ئەو نەخش ونوسینانەی لەسەری نەخشێندراوە ، لەسەردەمە جیاوازەکان، بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی بونیادی ئابوری هەر شارستانیەتێک ئەژماردەکرێت، هەروەها بە شیکردنەوەی دراو دەتوانین زانیاری گرنگ دەربارەی بارودۆخی میرنشینەکە بەدەست بهێنین.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ کانونی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٤ ئادار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تموز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەران: hawre.jabbar@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ هاوڕێ جبار حمدامین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی CC BY-NC-ND 4.0 -

لە میرنشینی شەددادی جگە لە سێ میری سەرەتا، میرەکانی تر بە شێوەیەکی گشتی دراویان لێداوە، بەشێک لە دراوەکانی ئەم میرنشینە بە ئەستێرەی شەش لا نەخشێنراون، ئەمەش وای کردوە جێگای تێڕامانبێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەستێرەکان گرنگن بۆ ژیانی مرۆڤەکان، لە کۆندا مرۆڤەکان سودیان لە ئەستێرە بە تایبەتی بۆ سەفەرکردن لە شەوە تاریکەکان وەرگرتوە. ئەستێرەی شەش لا پەیوەست نەبوە بە گەلی جولەکەوە، بەڵکو بە درێژایی مێژووی دوری درێژی شارستانییەت لای زۆربەی گەل و شارستانییەتەکان ناسراوە، بەڵام تا نەبوە سیمبوڵی جولەکەکان بایەخی پێنەدراوە.

**بایەخی توێژینەوە:** توێژەرانی مێژوو کەمتر بە لای سەرچاوەی ماددییەکانی قۆناغە مێژووییەکاندا چونە، ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بە بەڵگەنامەکردنی ئەستێرەی شەش لاو نەخش وزەخرەفەی ئەندازەیی ڕێنوسی بەکارهاتو لەسەر دراوەکانی ئەم میرنشینە هەیە. بایەخێکی تر، دەرخستنی لایەنە نادیارو شارەوەکانی ئەم پێشکەوتنانەی کە میرەکانی میرنشین پێی گەیشتون.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا و شیکردنەوەی زەخرەفەکان، لەلایەن میرە کوردییەکان نەخراوەتە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp397-407

ڕو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ بەدیارخستنی لایەنە شاراوەو گەشاوەو پێشکەوتوی شارستانییەتی میرنشینی شەددادی لە ڕێگای دراوەکان. وێنەی دراوەکان و هێلکارییەکەمان بەیەکەوە خستۆتە ڕو.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:** بریتییە لە دەرخستنی شێوازی بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا و نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕێنوسی بەکارهاتو. خستنەڕوی ئاستی گەشەسەندوی لایەنی دارای و کارگێری و شارستانییەتی کوردەکان، بەتایبەت لە هەرێمی ئاران.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی پەیڕەوکراو، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتوە، بەمەبەستی ئەوەی بتوانین وردتر لە گرنگی بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا بگەین، هاتوین بە سەرچاوەی مێژوویی نوسراومان گرێ داون و شیکاری مێژوویانەمان کردوە.

**گرفتی توێژینەوە:** لە ڕاستیدا کارکردن لەسەر ئەم بابەتە کارێکی وا ئاسان نەبو، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەیەکی باش لە دراوەکانی ئەم میرنشینە لە مۆزەخانەکانی مۆسکۆ- ئازربێجان و ئەرمینیاو پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بە نمایشکردنی دراو هەیە، بەڵام نەبونی دراوەکان لە مۆزەخانەکانی کوردستان و عێراق، گرفتێکە ڕوبەڕومان بۆوە، نەمانتوانیوە دراوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ ببینین، بەناچاری وێنەی ڕاستەقینەی دراوەکانمان بەکارهێناوەو شیکارمان کردوە.

## ٢. دەروازە: ناساندنی میرنشینی شەددادی:

شەددادیەکان بە ڕەچەڵەک لە کوردانی ڕەوادین، کە تیرەیەکن لە هۆزی هەزبانی (حسن، ٢٠١١، ٤٠)، کاتێک باس لە دراولێدان لە میرنشینەکە دەکرێ، دەبێت ئاماژە بە میرنشینی شەددادی بکرێ، لە ساڵی ٣٤٠ک/ ٩٥١ز لە هەرێمی ئاران، لەسەر دەستی کەسایەتی محمدی کوڕی شەددادی کوڕی قرطق- کورتەک، لە شاری دوین وەک دەسەڵاتدارێتییەک دامەزرا (مجم باشی، ١٩٥٨، ١٣؛-Ter Ghewondyan, 1976, 94-95). فەرمانڕەوایەتی ناوبراو درێژخایەن نابێت، چونکە سالارمەرزەبان کوڕی محمد هێرشی کردە سەر شارەکە، محمد بەناچاری شارەکە جێدەهێڵێت (مینورسکی، ٢٠٢١، ٤٦-٤٧)، لە ساڵی ٣٤٤ک/ ٩٥٥ز دەمرێت (کسروی، ١٣٥٧هـ. ش، ٢٦٣). دوای مردنی ناوبراو بنەماڵەی شەددادی پەرتەوازە بون، سێ کوڕی بە ناوەکانی (لشکری أبوحسن علی، أبو فتح فضل، مرزبان) لە پاش بەجێما، کوڕە گەورەی (لشکری) لە بەڕێوەبردنی کاروباری خێڵەکەی جێگای گرتەوە (منجم باشی، ١٩٥٨، ٧). لە ساڵی ٣٦٠ک/ ٩٧٠ز فضلی کوڕی محمد، توانی شاری (گەنجە- جنزە) دەستبەسەردابگرێت و ڕادەستی (لشکری) برای کرد، بەم شێوەیەش شارەکە بووە پایتەختی میرنشین (رسول، ٢٠٠١: ٧١). ماوە ساڵانی ٣٤٣- ٣٦٠ک/ ٩٥٤- ٩٧٠ز سالار مەرزەبان دەسەڵاتداری هەرێمی ئاران بو، مێژوونوسان ساڵی ٣٦٠ک/ ٩٧٠ز بە دەستپێکی دەسەڵاتی لشکری دادەنێن (کسروی، ١٣٥٧ هـ.ش، ٢٦٠- ٢٦٣)، بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام دەبێت لەدەسەڵات تا ساڵی ٣٦٨ک/ ٩٧٨ز دەمرێت (رسول، ٢٠٠١، ٧٢). براکەی بە ناوی مرزبان شوێنی گرتەوە، بەڵام لە ساڵی ٣٧٥ک/ ٩٨٥ز لە کاتی ڕاو شکار لەلایەن فضلی برای دەکوژرێت (منجم باشی، ١٩٥٨، ١٠-١١)، خۆی بە میری میرنشینەکە ناساندو بۆ ماوەیەکی درێژ نزیکەی ٤٧ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد، یەکێک بووە لە سەرکردە ناودارو بەهێزەکان، کۆڵەکەکانی میرنشینەکەی پتەوکرد، یەکەم میرە لەلایەن مێژوونوسانی موسڵمان بە خاوەنی ئاران و ئەرمینیا ناسراوە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٨١-٥٠١).

## ٣. تەوەرەی یەکەم: لەسکەدانی دراو لە میرنشینی شەددادی:

ئەوەی تا ئێستا زانراوە، هیچ کامێک لە سێ میری سەرەتا دراویان لێنەداوە (حمدامین، ٢٠٢٣، ٢٧، ٤٨) یەکەمین میری ناسراوی ئەم میرنشینە دراوی لێدابێت میر فضلی یەکەم ٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز، یەکەم دراوی ناسراوی میرنشینەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە (Markov, 1896: 309). توانی دوای دە ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی یەکەم دراوی بە ناوی خۆی و خەلیفەی عەباسی طائع الله ٣٦٣- ٣٨١ک/ ٩٧٣- ٩٩١ز، لە شاری بەردەعە[1] لە سکە بدا ( Lebedev, 2006: No. 1. P: 19; zeno.ru.2007, No.40991).

ئەم دراوەش بە یەکەم دراوی ناسراوی میرنشینەکە دادەنرێت، تاساڵی ٣٩٥ک/ ١٠٠٤ز لە سکەدانی دراو لە شارەکە بەردەوامبو، بەڵام دواتر سکەخانەکە دەگوازرێتەوە بۆ شاری گەنجە[2] و تا کۆتایی هاتنی میرنشینەکە لە سکەدان لەم شارە بەردەوام دەبێت (Lebedev, 2006, 22). پێویستە ئەوە بزانرێ، میر لە کوێ نیشتەجێبوایە، سکەخانەکەش لەم شوێنە بو، لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دابو (حمدامین، ٢٠٢٣، ٤٨) بێگومان پارە لە گرینگترین پایەکانی دەوڵەتە، چونکە پەیوەندی پتەوی بە ئابوری و سەروەری دەسەڵاتەوە هەیە، تیایدا دیاردە سیاسیەکان دەردەکەوێت و شێوازی بەڕێوەبردن ڕەنگدەداتەوە (العزراوي، ١٩٥٨، ٧). میر بەردەوام بو لە دراولێدان (Vardanyan, zlobin, 2014,355)، تا ساڵی ٤٢٢ک/ ١٠٣١ز، کۆچی دوایی کرد. (منجم باشی، ١٩٥٨، ١٢). بە پێی نەریتی باوی ئەو سەردەم، کوڕەکەی أبو الفتح موسی ٤٢٢- ٤٢٥ک/ ١٠٣١- ١٠٣٤ز جێگای گرتەوە، بەهەمان شێوازی باوکی لەهەمان سکەخانە، لەسەر درهەم لێدان بەردەوامبو (Shabanov, 2019, 42; Vardanyan, zlobin, 2014, 356). دەسەڵاتی میر درێژەی نەکێشا، لەلایەن کوڕەکەی آبو الحسن علی ناسراو بە لشکری ٤٢٥- ٤٤٠ک/ ١٠٣٠- ١٠٤٨ز، هێرشی کرایە سەرو کوژرا (روس، ١٩٥٨، ٦١٦٢/٢٠). بەهۆی نەریتی باوی زۆربەی میرو فەرمانڕەواکان هەر لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات دراوی بەناوی خۆی لێدا ( Rajabli, 1997, 45; Album, 2011, 161). لە ساڵی ٤٣٩ ک/ ١٠٤٧ ز میرنشینەکە توشی هێرشکاری سەلجوقییەکان بۆوە، بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ گەمارۆی گەنجەی پایتەخت دراوە (العظيمي، ١٩٨٤ ، ٣٣٨ ؛ الحسيني، ١٩٨٥، ٥٧ ) هەرچەندە (مینورسکی) باس لەوە دەکات لشکری توانیویەتی هێزەکانی سەلجوقی تێکبشکێنێت ( ٢٠٢١، ٦٠) بەڵام بە پشتبەستن بە سەرچاوە عەرەبییە ڕەسەنەکان وا دەرناکەویت، چونکە لەکاتی گەمارۆدانی شارەکە مردو کوڕەکەی، نەوشیروان جێگای گرتەوە، بەڵام بە دیلی کەوتە دەست سەلجوقییەکان، تا أبو الاسوار شاور ٤٤١- ٤٥٩ک/ ١٠٤٩- ١٠٦٦ز، مامی نەوشیروان لە وشمکو[3]رەوە، هێرشی کردو برازاکەی ئازادکرد. خۆشی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دانیشت (العظيمي، ١٩٨٤ ، ٣٣٩ ؛ الحسيني، ١٩٨٥، ٥٧). بەپێی بەڵگە دراوییەکان بێت، شاور لە دوای نەمانی فضلی باوکی لە شاری دوین سەربەخۆیی لە ڕوی دارایی و کارگێرییەوە ڕاگەیاندوە، توانیویەتی دراو لە شارەکە لێبدات، هیچ ئاماژەیەکی بە فەرمانڕاوایانی گەنجەی پایتەخت نەکردوە، ئەمەش ئاماژەی سەربەخۆیی شاور دەگەیەنێت (Akopyan, 2015, 1036- 139). لەگەڵ هاتنی بۆ شاری گەنجە دەستی بە دراولێدان کردوە ( Markove, 1896, 309; Album, 2011, 161). میر توانیویەتی لەگەڵ باروودۆخی سیاسی سەردەمەکەی هەڵبکات و لە ڕوی بەڕێوەبردنەوە لێوەشاوەیی خۆی سەلماندوە ( Altman, 1949, 16; Lebedeve, 2006, 9).

ئەوەی شایەنی باسە ڕێژەیەکی باش لە دراوەکانی میر دۆزراوەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین لە هەمو ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیەکەی درهەمی لێداوە. سەردەمی ناوبراو بە درەوشاوەی مێژووی میرنشینەکە دادەنرێت، دوای نزیکەی هەژدە ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردن، لە ڕۆژی چوارشەممە ٧ / ذي القعدة/ ٤٥٩ ک/ ١٩ / سێپتەمبەر/ ١٠٦٦ ز، لە شاری گەنجە کۆچی دوایی کرد، لە مزگەوتی گەورەی شارەکە بەخاک سپێردرا. کوڕە گەورەی فضل جێگای گرتەوە، بەڵام دوای چەند مانگێک لەکاتی هێرشی بۆ سەر جۆرجییەکان بەدیل دەگیرێ (منجم باشی، ١٩٥٨، ١٦) هەرچەندە مێژوونوسان ستایشیان کردووە، کە وردبین و شارەزا بوە لە بەڕێوەبردن وجەنگدا (وشمكير، ٢٠٠٧، ١٢٨ – ١٢٩)، بەڵام بەگوێرەی کەوتنە ناو بۆسەی دوژمنەکانی وا دەرناکەوێت. بەمەش کوڕەکەی تری بە ناوی أشوط کوڕی شاور هاتە شوێنی (منجم باشی، ١٩٥٨، ١٧). ماوەیەکی زۆر کەم فەرمانڕەوایەتیکرد، کە هەشت مانگ بوو، لە الشوال ٤٦٠ک/ ئابی ١٠٦٨ز تا مانگی الجمادی الثانی ٤٦١ک/ نیسانی ١٠٦٩ز، خایەندوە، توانیویەتی درهەم بەناوی خۆی لە سکەبدات ( Akooyan, 2008, 6; Lebedev, 2013, 49; Krachkovskaya, 1946, 112- 117). بە هۆی ئەم دراواوە دەتوانین فەرمانڕەوایەکی نوێ بۆ میرنشینەکە زیاد بکەین.

دوای نەمانی شاور، فەرمانڕەوایەتی شەددادییەکان لە گەنجە بەرەو لاوازی چون، دوای ئازادکردنی فضلی دووەم بە هاوکاری سەلجوقییەکان توانی دەسەڵات وەربگرێت، درواى لێداوە (Lebedev, 2013, 51). بەڵام لە ساڵی ٤٦٦ک/ ١٠٧٦ز، کوڕەکەی بە ناوی فضلی سێیەم لە باوکی هەڵدەگەڕێتەوەو لە دەسەڵات دوری دەخاتەوە، پۆستی میرایەتی دەگرێتە دەست (منجم باشی، ١٩٦٨، ١٨). لەگەڵ دەستبەکاربونی دراوی بە ناوی خۆی لێدا (Album, 2011, 161). بەڵام دەسەڵاتی درێژە ناکێشێت، لەساڵی ٤٦٨ک/ ١٠٧٦ز، وڵاتی ئاران دەکەوێتە دەست تورکە سەلجوقییەکان و بەمەش کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینەکە لە شاری گەنجە هات (منجم باشی، ١٩٥٨، ١٨). بەڵام دەتوانین بڵێین دوو لقی تری شەددادییەکان لە شارەکانی دوین[4] و ئانی[5] لە ئەرمینیا درێژەیان بە دەسەڵاتیان داوە، لە ڕاستیدا تا ئێستا کەمترین دراوی میرانی ئەم دوو شارە ناسراون، بەڵام ئەم چەند دراوە کەمە دەتوانن ببنە کەرەستەیەکی ماددی باشی مێژوویی بۆ زانینی شێوازی حکومڕانی ئەوان لە هەرێمەکە، ئەم ڕایەش بەتاڵ دەکەنەوە کە باس لەوە دەکات کۆتایی بە میرنشینەکە هاتوە.

لە شاری دوین آسکند کوڕی شاور فەرمانڕەوایەتی کردوە، هەر لەسەردەمی باوکی لە ساڵی ٤٥٥ک/ ١٠٥٣ز، دەسەڵاتداری شارەکە بو، دایکی شازادەیەکی ئەرمەنی بو، دەسەڵاتداری شارەکەی پێ سپێردرا (Akopyan, 2017, 103). لە شارەکە توانی دراو بە ناوی خۆی، بەم شێوەیە اسکند/ بن شاور لێبدات ( Lebedev, 2013, 49). سەبارەت بەشاری ئانی، دوای ئەوەی سەلجوقییەکان بە هاوکاری آبو الآسوار شاور، توانیان شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی بیزەنتییەکان دەربهێنن (الحسيني، ١٩٨٥، ٩٣- ٩٦؛ ابن الآثير، ١٩٨٧، ٣٦٨/٨- ٣٧٠؛ رسول، ٢٠٠١، ٧٩). دوای گرتنی شارەکە سوڵتان ڕادەستی میر شاوری کردوە، ئەویش کوڕە بچوکی خۆی منوچهری بە فەرمانڕەوای شارەکە دانا (كسروى، ١٣٥٧ هـ. ش، ٣٠٢). ئیتر ئەمە بە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتی شەددادییەکان دادەنرێ. منوچهر بەچەشنی آسکندری برای دایکی شازادەیەکی ئەرمەنی بو (مینورسکی، ٢٠٢١، ١٠٥؛ رسول، ٢٠٠١، ٨٦). لەلایەن دایکیانەوە ئاراستە دەکران و دانیشتوانی شار وەک بەڕێوەبەری یاسایی قبوڵیان کردبون (كسروى، ١٣٥٧ هـ. ش، ٣٠٥؛ Akopyan, 2017, 103). بە بڕوای مینوڕسکی ساڵی ٤٦٥- ٥١٢ک/ ١٠٧٢-١١١٨ ز، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە شارەکە دەستی بە حکومڕانی کردوە ( ٢٠٢١، ١٠٥) دراوەکانی ناوبراو بەڵگەیەکی باشن لە شارەکە لێیی داوە بە ناوی خۆی(zeno.ru,2019, No. 237639 ).

## ٤. تەوەرەی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی ئەستێرەی شەش لاو بەکارهێنانی:

ئەم ئەستێرەیە بە مۆری پەیامبەر سلێمان ناسراوە، لە زمانی عیبری، ماجین[6] داودی پێدەگوترێت، ئەم نیشانەیە لە ڕاستیدا جولەکە بۆخۆی بردوە بەڵام لە شارستانییەتییە جیاوازەکان مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە، هەر لەسەردەمانی ئاشوریەکان و لای فیرعەونیەکانی میسر و لەسەر چەندین شوێنەواری کۆن لە تەواوی شارستانیەتەکان و گڵینە کۆنەکان دەرکەوتوە، لەسەر سکەکانی ئەم میرنشینەش بۆکاری ڕازاندنەوە بەکارهاتوە. هەرچەندە ئەم هێمایە بە یەکێک لە گرنگترین هێماکانی جولەکە دادەنرێت (صالح، ٢٠١٨، ٨٠؛ Canzt, Kaplan, 2014, 1). بەڵام مانا وردەکەی بریتییە لە " دەسەڵات، پەناگە، پاراستن" (الشامي، ٢٠٠٠، ٤٩). یاخود، خۆ پاراستن بە قەڵغان و بەرگری کردن لەکاتی شەڕکردن، جولەکەکان بە النجم داود ناوی دەهێنن، چونکە پێیان وایە پەیامبەر داود کاری ئاسەنگەری دەکردو زریپۆشی لە شێوەی ئەستێرەی شەشلا دروستدەکرد (محمد و كاظم، ٢٠١٨، ٢ -٣) هەرچەندە باس لەوە دەکرێت مۆری پەیامبەر سلێمانیش شێوەی ئەستێرەی شەش گۆشەی هەبو، بۆیە لەلایان پیرۆزە. لە شارستانیەتی ئیسلامی پێی دەگوترێت ماجین داوید- دافید، کەوااتای زریپۆشی داود دەگەیەنێت (أبودية، ٢٠١٣، ٣٤١ – ٣٤٦) جولەکەکان پێیان وایە ئەستێرەی شەش خاڵی نوێنەرایەتی لەدایک بونی داود، یان کاتی دانیشتنی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دەکات (أبو دية، ٢٠١٢، ٨٢) لە زمانی عیبری نوێنەرایەتی پیتی یەکەم و کۆتایی ناوی پەیامبەر داود دەکات (صالح، ٢٠١٨، ٨١- ٨٢؛ عبداكريم، ٢٠١٠، ٢). بە هێمای ڕزگاربونیان لە کۆیلایەتی دەزانن، وەک ئاماژەیەک بۆ شتە شاراوەکان، لە کاری سیحروجادو بەکارهاتوە (أبو دية، ٢٠١٢، ٨٢) بەڵام کۆنترین دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ گوڵێک بە ناوی "ليليوم كنديدوم" بە زمانی عیبری "سەوسەنی سپی گەشاوەی" بەدی دەکرێت، لەزۆرێک لە ماڵی جولەکەکان هەبو پەروەردەیان دەکرد، کە شێوەی ئەستێرەی شەش نوکی هەیە، لایان پیرۆز بو (محمد و كاظم، ٢٠١٨ ، ٧). ژمارە شەش لە کەلتوری جولەکە پیرۆز بو، چونکە زەوی و ئاسمانەکان لە شەش ڕۆژ دروستکراون، ئاماژەیە بۆ شەش ڕۆژی کارکردنیان لە هەفتەیەک (عبداكريم، ٢٠١٠، ٢).

مێژووی بەکارهێنانی ئەم ئەستێرەیە دورودرێژە تەنانەت لە شارستانیەتی میسری کۆن پێش جولەکەکان، بە بەڵگەی شوێنەوەریەکان بەکارهاتوە، باس لەوە دەکرێ لە ڕێگەی ژنێکەوە گوزراوەتەوە نێو کەلتوری جولەکە، چونکە پەیامبەر سلێمان ژنی زۆری هێناوە، بەناوبانگ بوە بە ژن هێنان، ژنێکی میسری هێناوەو لەم ڕێگای ئەم ژنەوە پەڕیوەتەوە ناو کەلتوری جولەکەکان (محمد، كاظم، ٢٠١٨ ، ٨ – ١١). لە لای کەنعانیيە کۆنەکان هێمای پەروەردەکردنی دەگەیاند، هەروەها بۆ خواوەندی ئەستێرە زوحەلیش بەکاردەهات، لە شارستانییەتی هیندۆسی، هێمای هێزە دژ بەیەکەکانی وەک ئاو و ئاگر، ڕەگەزی نێرو مێ دەگەیەنێت، لە لای زەردەشتییەکان هێمایەکی گرنگی بواری ئەستێرەناسی و فەلەکناسی بو (ابو ديه، ٢٠١٣، ٣٤٩) لە عێراقی کۆن بابلییەکان حەزیان لە فەلەکناسی بو، لەوە دەچێت ئەمەش لەئەنجامی پەرستنی هەندێ تەنی ئاسمانی سەرچاوەی گرتبێت، سیستەمی زانیاری خۆیان بە سیستەمی شەش گۆشەیی بەستەوە (السامرائي، ١٩٨٦، ٣٦٣) .

دەتوانین بڵێین لە ناو کەلتوری زۆرینەی میللەتانی جیهان بڵاوبۆوە، هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێک بەکاریان هێناوە، وا گومان دەکرێت لەسەرەتادا بۆ کاری ڕازاندنەوە سودی لێوەرگیرابێت، لە پاشان میللەتان مەبەست و واتای تایبەتیان پێ بەخشیوە (محمد، کاظم، ٢٠١٨، ١١). دەرکەوتنی شێوە ئەستێرە پەیوەست بووە بە بیری مرۆڤ بە ئاسمانەوە (طراونة، ٢٠١٣، ١٧٣) ئەم ئەستێرەیە کە هەموو لاکانی هاوتەریبن هێمای ئاسمان و زەوی دەگەیەنێت (البهنسي، ١٩٩٠، ١٩٢؛ بلوط، ٢٠٢٣، ٢٨٠- ١٨١) لە بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتی کۆندا، ئەستێرەی زوهرە، بەرامبەر مانگ، هێمایەک بو بۆ خۆشگوزەرانی، هەربەم چەشنەش لەسەر سکەی ساسانی دەرکەوتوە (رمضان، ٢٠٠٨، ٦٤٠؛ القزاز، ١٩٦٩، ١٣) ئەمە درێژەی هەبو، هەندێ جار لەسەر دراوی دەوڵەتی ئومەوی نەخشێنراوە (آبو دیە، ٢٠٢١، ٢٢١-٢٣٦). بە شێوەیەکی باو لە هونەری ئیسلامی بە درێژایی قۆناغە جیاوازاکان بۆ کاری ڕازاندنەوە بەکارهێنراوە (بلوط، ٢٠٢٣، ١٨٠) .

سەبارەت بە بەکارهێنانی لەلایەن شەدادییەکان، دەتوانین بڵێین هەرچەندە لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە، جولەکە بە ڕێژەیەکی زۆر لە هەرێمی ئاران بونی نەبو، بەو پێیەی ڕێژەیەکی کەمی دانیشتوان ئاینی جولەکەیان پەیڕەوکردوە، نەبونی پابەندبونی ئەم ئاینەش بۆ کەمی زانیاری لەسەریان دەگەڕێتەوە (حسین، ٢٠٠٢، ١٣١- ١٣٢) لەگەڵ ئەمانەش بونی جولەکە لەم ناوچانە بەدور نازانرێت، بە تایبەت ناوچەکانی باب الابواب شوێنی زۆرێک لە ئاینە ئاسمانیەکان بوو (القزويني، د.ت، ٦٠٠) .


بە لێکدانەوەی بۆچونەکانی سەرەوە، لەوە دەچێت میرەکانی شەددادی خولیای ئەستێرە ناسیان هەبوبێت بە بەڵگەی ئەوەی ( كتاب النصيحة المعروف بسم قابوس نامة) کە بۆ میرانی ئەم میرنشینە نوسراوە، لە بەشێکی سەربەخۆ باسی لە زانستی گەردوناسی و ئەندازیاری کردوە، کە داوای لە میرەکان کردوە خۆیان فێری زانستی ئەستێرەناسی بکەن، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن لە دیاردەکانی گەردون شارەزابن، گرنگی گۆشەکانی لەبواری ئەندازیاری ڕونکردۆتەوە، دەکرێت بیرۆکەی بەکارهێنانی لەمە وەرگیرابێت (وشمكير، ٢٠٠٧، ١٢١- ١٢٢). لەهەمانکاتدا میرنشین هاوسنوربو لەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکان، بەتایبەت مەیسحیەکان، ئەوانیش لەسەر بەشێک لە دراوەکانیان هەمان ئاماژەیان دادەنا. چونکە دراو بەمەبەستی ئابوری بەکاردێت و سنوری دەوڵەتان دەبڕێت، میرەکان ئەم ئەستێرە شەش خاڵیەیان نەخشاندوە، تاوەکو لە دەرەوەی میرنشینەکەش بەکاربێت، دەستکەوتە ئابوریەکەی خۆیانی پێ بپارێزن (Vardanyan, 2015, 30.) سکە لەم کاتە ڕۆڵی دەزگای ڕاگەیاندنی دەبینی (الحسيني، ١٩٧٦، ٣٣) بە شێوەیەکی فراوان و خێرا بڵاودەبۆوە، دەگەیشتە دەستی زۆرینەی خەڵک، لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی سنوری دەوڵەتانی دەبەزاند، ئەمەش وایکردوە زۆرترین پەیامی سیاسی- ئاینی و سەربازی و چەندین هێماو دروشم و نەخش و زەخرەفەی ڕازاندنەوەی تێدا بەکاربهێنرێت، دەسەڵاتداران زۆرینەی جارەکان؛ جیا لە نوسراوە عەرەبییە ئیسلامییەکان، هەندێ ئاماژەی تریشی تێدا بەکاربهێنن، جا بەمەبەستی ڕازاندنەوەو نەخشاندنی بێت لە لایەک، لە لایەکی تریش پەیامەکانی خۆیان لە ڕێگای دراوەکان بڵاودەکردەوە (الزرد، ٢٠١٨، ٩؛ المور، ٢٠١٩، ٣١) جا بۆ درێژە دان بێت بەو پەیوەندییە ئابوری و ئاشتیانەی لە نێوان شەددادی و هێزە هاوسنورییەکان هەیانبو (Vardanyan, 2015, 30- 31) دواجار دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت ئەو میرانەی کە ئەمەیان بەکارهێناوە لەسەر دراوەکان یان خێزانیان یاخود دایکیان مەسیحی ئەرمەنی بون و کاریگەری ئەوانیان بەسەرەوە بوە (حمدامين، ٢٠٢٣، ٥٤، ٥٥) بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی حوکمڕانی ناوچەکە بکەن و بەرژەوەندیاکانی خۆیان بپارێزن. لایەنێکی تری شارستانییەتی میرنشینەکە دەردەخات، کە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەو درهەمانەی لەسکە دراوە دەردەکەوێت.

## ٥. تەوەرەی سێیەم: میرەکان و بەکارهێنانی ئەستێرەی شەش لا لەسەر دراوەکان:

دراو گوزارشت لە پێشکەوتنە ڕۆشەنبیری و شارستانییەکان دەکات لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان (عبود، ٢٠١١ ،١٠) پەیوەندیەکی بە تین لە نێوان دراو و هونەری ئیسلامیدا هەیە، ئەو ڕازاندنەوە و جوانکارییانەی لەسەر دراوەکان هەیە، گوزارشت لە پێشکەوتنی شارستانییەتی ئیسلامی دەکات لە قۆناغە جیاجیاکاندا، کە چەندین زەخرەفەی جۆراوجۆر لە وێنەی ڕوەکی و ئەندازیاری و مرۆڤی و گیانلەبەری... هتد، لەسەر نەخشکراوە (أبو شحمة، ٢٠١٧ ، ٣١٤). پێشکەوتوپی و دەستڕەنگینی ئەو کاتەو ئەو دەسەڵاتە نیشاندەدا، بەنمونە هەندێک دراومان هەیە شێوە بازنەییەکەی یان وێنەو زەخرەفەو ناوەکانی سەری زۆر نارێکن، بەڵام هەندێکیان زۆر ڕێک و جوان دروستکراون، کە بەڵگەی پێشکەوتوپی ئەو ناوچە یان ئەو دەسەڵاتەی دەگەیاند. لەم سۆنگەیەوە هەندێ لە میرەکان شەددادی ئەستێرەی شەش لا- گۆشەییان بەکارهێناوە. ئەمەش دەرخەری ئاستی پێشکەوتوپی و گەشەسەندنی بواری ئابوری و شارستانیی دەردەخات.

### یەکەم: میر شاور:

توانیویەتی بۆ یەکەم جار لەناو کوردان ئەم ئەستێرەیە بەکاربهێنێت، لەسەر دراوێک نەخشاندویەتی، هەرچەندە ساڵی لێدانی دراوەکە نازانرێ بەهۆی لە ناوچوونی قەراغی دراوەکە، کە لە دوو بازنە پێک دێت، لەوە دەچێت نوسراوی قورئانی هەبێت، بەڵام ڕووی دراوەکە بریتییە لە چوار نیمچە بازنە، کەبە دێرێک دەستەواژەی " لا اله الا اللهُ " بە دێرێکی تر ناوی خەلیفەی عەبباسی " القائم بامرالله" نوسراوە. پشتی دراوەکە بریتییە لە دوو سێگۆشەی بە ناویەک داچو، کە شەش گۆشەی یەکسان پێکدەهێنێت لەنێوان گۆشەی یەکەم و دوەم وشەی "رسو [ل] نوسراوە، لە نێوان چوارچێوەی گۆشەکان، بە دوو دێڕ ناوی "شاور/ بن فضل" نوسراوە.



وێنەی ژمارە (١) (Lebedev, 2006, No. XV, 55, 62).

ئەم دراوە موڵکی مۆزەخانەی باکۆیە، تائێستا بڵاونەکراوەتەوە، توێژەران تەنها ئاماژەیان بە هێلکارییەکەی کردوە (Lebedev, 2006, No. XV, 55, 62). ئەوەی ڕونە میرانی شەددادی لە میر شاور بە دواوە، لە کاتی سکەلێدان تا ڕادەیەک دورکەوتنەوەلە دراوی کلاسیکی عەرەبی ئیسلامی، لە ڕوی نەخشاندن بەم جۆرە ئەستێرەیە جیاوازی تەواویان هەیە لەگەڵ دراوی ئیسلامی و خەلافەتی عەبباسی، کە شوێن کەوتوی ئەم خەلافەتە بون، ئەمەش دەکرێ بە هۆی کاریگەری هێزە هاوسنوریەکانیان بە تایبەت ئەرمەن و جۆرجییەکانەوە بوبێت.

**دووەم: میر فضلی دووەم:**

یەکێکی تر لە میرەکان کەلە دوای شاوری باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەسەر ڕوو و پشتی دراوەکانی ئەم ئەستێرەی نەخشاند، لەسەر ڕووی دراوەکە دوو سێگۆشەی بەناویەک داهاتوی نەخشاندوە، لە ناوەڕاستی ناوی سوڵتانی سەلجوقی بە سێ دێڕ نوسیوە بەم شێوەیە: السلطان/ المعظم/ الب ارسلان. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە کەمیرانی شەددادی بەتەواوی دانیان بەدەسەڵاتی سەلجوقیەکان ناوە، تەنانەت ڕووی دراوەکانییان بۆ سوڵتانەکان تەرخانکردوە. هەرچی پشتی دراوەکەیە، ئەستێرەیەکی بچوک لەسەرەوە، لە دوای بازنەی دوەمی دراوەکە نەخشاندوە، دواتر بە چوار دێڕ ئەم دەستەواژە نوسراوە: محمد رسول الله/ الآمیر الآجل العا/ دل فخر الدوله/ الفضل بن شاور.



وێنەی ژمارە (٢) کێش: ؟، تیرە:؟ (Lebedev, 2006, No.2, 65,70).

**سێیەم: اسکندر کوڕی شاور:**

ئەم میرە لە شاری دوین لەسەردەمی باوکی ساڵی ٤٤٥ک/ ١٠٣٣ز، بو بە دەسەڵاتداری شارەکە ، دوای ڕوخانی میرنشینی شەددادی لە شاری گەنجە، میر اسکند درێژەی بە دەسەڵاتی خۆیدا (Akopyan, 2017, 103). ئەوەی ئاشکرایە تاڕادەیەکی زۆر لەکاتی لەسکەدان، بەهۆی کاریگەری هێزەکانی هاوسنور، بەتایبەت مەسیحییەکان، دراوەکانی ئەم فەرمانڕەوا کوردە، لەڕوی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە لەدراوی ئیسلامی و خەلافەتی عەباسی دورکەوتۆتەوە (حمدامین، ٢٠٢٣، ٩٥) کاتێک ئەستێرەی شەش لای بەکارهێناوە، لە سکەیەک بە تەنها لەسەر پشتی ناخاشندویەتی، ڕووی دراوەکەشی بە تەنها بۆ ناوی خۆیی و باوکی تەرخانکردوە بەم شێوەیە بە دوو دێڕ: اسکند/ بن شاور (Lebedev, 2013, 49). ئەم دراوانە هیچ زانیارییەک لەسەر ساڵ و شوێنی لە سکە دانەکەیان نازانرێ، بەڵام دەتوانین دڵنیابین، لە سکەخانەی دوین لێدراوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە شارەکە فەرمانڕەوایەتی کردوە. باوکی بە جێگری خۆی داینا‌وە، چونکە بەر لەوەی باوکیشی ببێتە میر لەهەمان شار فەرمانڕەوا بو (Akopyan, 2015: 1037).



وێنەی ژمارە (٣) کێش: ١.١٢ گرام، تیرە: ١٢- ١٤ ملم -Lebedev, 2013, 49 (50; zeno.ru, 2011, No. 106638; Akopyan, 2015, No.8)

نەخشاندنی ئەم ئەستێرە تیشکدەرە شەش نوکە. لەسەر درهەمێکی تری میر بەدی دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر لە نمونەی ژمارە سێ، بەم شێوەیەی لەڕوی دراوەکە ناوی خەلیفەی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی نوسیوە، بەم شێوەیە: سلطان معظم/ محمد بن الب ارسلان/ بن دادو/ القائم بامرالله. لە پشتی دراوەکە دوای گوێ ڕایەڵی بۆ پەیامبەر محمد د.خ، ناوی خۆی نەخشاندوە، بەم شێوەیە: رسول الله/ امیر السید/ اسکند بن شاور



وێنەی ژمارە (٤) کێش٢.٤ گرام ، تیرە:١٨ ملم ، ( zeno.ru. 2024, No.348003).

## ٦. تەوەرەی چوارەم: شیکارکردنی نەخش وزەخرەفەی سەر دراوەکان

هونەر زمانی شارستانییەتە، دراویش بەوپێیەی بەشێکە لە شارستانیەت، نەخش و نیگار و هونەر ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوە لەسەر سکە، بەرە بەرە بوە خەسڵەتێکی دیاری شارستانیەتەکە. ڕوی دیاری ئەم خەسڵەتەش نەخش و نیگار و زەخرەفەکان بون، ڕەنگدانەوەی دەسترەنگینی ئەوانە بوە کاریان لەسەر کردوە ( Hamadamen, Lashkry, 2024, 149). بێگومان زۆر ئەستەم بوە بۆ هونەرمەندە نەقاشەکان ئەم

نەخش و نیگار و زەخرەفەیە بکەن لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایانە کردویانە (رمضان، ٢٠٠٩، ٣٢). لەناوچەی میرنشینی شەددادی دیارە میرەکان پاڵپشتی ئەم کەسانەیان کردوە، بۆیە دراوەکانیان ئاوا بە نەخش و زەخرەفەی جیاواز ڕەنگینکراون. هونەری نەخش و زەخرەفە یەکێکە لە سیماکانی شارستانیەتی ئیسلامی، پێشکەوتن و داهێنانی تێداکراوە، هەرێمی ئارانیش بەدەرنەبوە لەمە، ڕەنگدانەوەی ئەم هونەرە لەسەر باڵەخانەکان و مزگەوت و بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت کەلوپەلی بەکارهاتوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەک قاپ و کەوچک و دەفر و گڵێنەسازی وپۆشاک و بەرەو جاجمدا دەردەکەوێت. نەخش و زەخرەفەی سەردراوەکان، درێژکراوەی نەخشی گەلانی ئیسلامییە و یەکێکیشە لە بازنەی تەواوکردنی هونەری ئیسلامی. هۆکاری دروستبونی ئەم شێوە نەخش و زەخرەفانە کاریگەریە لە سەر ئەندێشەی مرۆڤ، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبونی ئەم جۆرە هونەرەو ئاوێنەیەک بۆ ژیان پێکدەهێنێت (مستەفا، ٢٠١١ ، ٧-٨). لایەنی هونەری دراوەکان لە ژێر کاریگەری هونەری ئیسلامی دابوە بە شێوەیەکی سەرەکی؛ هەندێکجاریش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ناموسڵمانەکان بەتایبەتیش سریانییەکان بەهۆی بەریەک کەوتن و تێکەڵاوی دانیشتوان لەگەڵ یەکتر (الحسيني،١٩٦٩، ١٦-١٧) توخمە سەرەکییەکانی نەخش و زەخرەفەی سەر نمونەی وەرگیراوی توێژینەوە، بریتییە:

**یەکەم: نەخش و زەخرەفەی نوسین:**



دەتوانین دراوی ئیسلامی بە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی گرنگ دابنێین بۆ فێربونی ڕێنوسی عەرەبی بەهەمو جۆرەکانییەوە، ئەوە پێشکەوتنانەی پێیدا تێپەڕیوە لەسەر دەستی خۆشنوسەکان (الوكيل والأخرون، ٢٠١٥، ٦). نوسین بەیەکێک لەڕەگەزە گرنگەکانی هونەرو کەلەپوری ئیسلامی دادەنرێت، کە میرنشینەکە بەدەر نیە لێی، دراویش سەرچاوەیەکی گرنگی نوسراوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦١؛ حمدامين، ٢٠٢٣، ١٣٥). ئەم ڕێنوسانەی لەسەر دراوەکان بەکارهاتوە لە ماوەی تێژینەوە، بریتییە لە خەتی کوفی و جۆرەکانی (Hamadamen, Lashkry, 2024, 149) کە یەکێکە لە کۆنترین ڕێنوسەکان لە ناو عەرەب، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕێنوسەش بۆ شاری کوفە دەگەڕێتەوە (المكي الخطاط، ١٩٣٩، ١١٠).

**أ- نوسینی کوفی سادە (الخط الكوفي البسيط):**

دەرکەوتنی خەتی کوفی سادە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام، بە تایبەت ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی کۆچی (القيسي، ٢٠٠٩، ١٢٢) هیچ جۆرە نەخش و زەخرەفەیەکی تێدا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سادەیە (حسن، ١٩٤٨، ٢٣٦). لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە نوسینە ئەوەیە کە گۆشەکانی ڕێکن و پیتەکانی کورت و ئەستورن، خاڵییە لەهەموو شێوازێکی جوانکاری و تایبەتمەندە بە سادەیی لە نوسین، بە شێوەیەکی باو بەکاردەهات تا کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی (القيسي، ١٩٧٦، ١٣٩). بەشێکی زۆر لە نمونەی دراوەکان لەم جۆرە نوسینەن، لەگەڵ ئەمانیش شێوە نووسینەکانی تری تێکەڵکراوە؛ دەکرێ لەسەر دراوێک زیاتر لە نوسینێک ببینین.

خشتەیی (١)


نوسینی کوفی سادەو شێوەی هێلکاری

| ژمارەی کەتەلۆگ | جۆری دراو | پیت و وشەو نوسینی کوفی سادە | شێوەی هێلکاری |
|---|---|---|---|
| Lebedev, 2006, No. XV, 55, 62 | درهەم |  |  ڕوو: |
| | |  |  پشت: |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەسەرچاوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦٣- ٢٦٧)

خشتەیی (٢)

نوسینی کوفی سادەو شێوەی هێلکاری

| ژمارەی لە کەتەلۆگ | جۆری دراو | پیت و وشەو نوسینی سادە | شێوەی هێلکاری |
|---|---|---|---|
| zeno.ru, 2011, No. 106638 | درهەم |  | ڕوو:  |
| | | زەخرەفە | پشت  |
| zeno.ru, 2024, No. 348003 | درهەم |  | پشت:  |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەسەرچاوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦٣- ٢٦٧)

**ب- نوسینی کوفی گەڵادار (الخط الكوفي المورق):**

کوفی گەڵادار، لە جۆرەکانی نوسینی کوفییە، دوای پێشکەوتنی نوسین، شێوازێکی تایبەتی لە نەخش و نیگاری تایبەت بەخۆی هەبو، پیتەکانی وەستاون و حەرفەکانی سەربەخۆن و بەرزن (الوكيل والأخرون، ٢٠١٥، ٨). سەرەتای پیتەکان یان ناوەڕاستی یاخود کۆتایی، شێوەی گەڵای یەک پەڕەیی یان دوو پەڕەیی دەدات، تێبینی ئەوە دەکەین ئەم ڕەگەزە ڕووەکییە ڕاستەوخۆ لکێنراوە بە پیتەکانەوە، بێ ئەوەی هیچ بۆشایەک لە نێوانیاندا هەبێت، سەری پیتەکان دابەش بون بۆ دوگەڵا (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦٦؛ الحسيني، ١٩٦٨، ١٠٢). ئەم جۆرە نوسینە لە سەر دراوەکان بەکار هاتون.

خشتەیی (٣)

نوسینی کوفی گەڵادارو شێوەی هێلکاری

| ژمارە لە کەتەلۆگ | جۆری دراو | پیت و وشەی نوسینی کوفی گەڵادار | شێوەی هێلکاری |
|---|---|---|---|
| Lebedev, 2006, No.2, 65,70 | درهەم |  | ڕوو:  |
| | |  | پشت:  |
| Zeno.ru. 2024, No.348003 | درهەم |  | ڕوو:  |



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەسەرچاوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٦٨)

**دووەم: نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی:**

نەخشی ئەندازەیی هیچ بەرکەوتنێکی نەریتی لەگەڵ بیرو باوەڕی ئایینی نییە، بەکارهێنانی مێژوویەکی دوری هەیە، لەسەرتای لێدانی دراو لە ناو دوڵەتی ئیسلامی، شێوەی ئەندازەیی بازنەیان دەنەخشاند، نەخشێنەرەکان، ئەم نەخشە ئەندازەییەیان لەسەر دراو دەنەخشاند، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی و جوانکاری و جیاکردنەوەی نوسینەکانی سەر دراوەکان (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٢٧٧) لە چوارچێوەی ئەمانەشدا، بازنە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بازنەی بەش بەش و نوکتەو خاڵ، ئەم نەخش و نیگارە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ نەخشی ڕوەکی و ئاژەڵی خەت وای کردوە، جوانییەکەی بە تەواوی دەربکەوێت (آحمد، ٢٠٢٣، ١٢٢). بە جوانترین زەخرەفەی درەوشاوەی ئیسلامی دادەنرێت (العمري، ٢٠١٦، ٨٣٣). بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی زەخرەفەی ئەندازەیی بڕوانە خشتەی ژمارە (٤، ٥، ٦، ٧)

خشتەیی (٤)



شیکردنەوەی نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی

| ژ. وێنە | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| ١ | آ- درهەمەکە شێوەی بازنەییە، بازنەی یەکەم و دووەم، دەورە دراوە.<br>ب- بۆشایی نێوان نیمچە بازنەکان بەم خاڵانە ڕازێنراونەتەوە.<br>ج- نوسراوی ناوەوەی درهەمەکە بە چوار نیمچە بازنەی بەیەکەوە لکاو دەورە دراوە. |   |
| | آ- لێواری پشتی درهەمەکە هاوشێوەی لێواری ڕووەکەییەتی.<br>ب- ناوەندی پشتی درهەمەکە ئەستێرەی شەشلایە، بە بازنەیەک دەورە دراوە.<br>ج- نوسینەکانی پشتی درهەمەکە، بە دوو سێگۆشی لەناویەکدا دەورە دراوە کە شێوەی شەشلای دروستکردووە، گۆشەکان یەکسانن. |   |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوە (عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٣٠٧A-٣٣٦A)

خشتەیی (٥)


شیکردنەوەی نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی


| ژ.وێنە | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| ٢ | آ- شێوەی درهەمەکە بازنەییە، بەڵام لێوارەکانی شکاوە.<br>ب- لە نێوان هەردوو سێگۆشەکە، بۆشاییەکانی نێوانی بەم دەنکە نەخشە ڕازێنراوەتەوە.<br>ج- نوسینەکانی ناوەندی درهەمەکە بە ئەستێرەی شەش لا دەورە دراوە، پێک دێت لەدوو سێگۆشەی یەکتربڕ، گۆشەکان یەکسانن. |   |
| | ا- بازنەی سێیەم بە لێواری درهەمەکە لکێنراوە، زۆری شکاوە.<br>ب- بۆشاییەکانی سەرەوە، بە دەنکە مرواری پڕ ڕازێنراوەتەوە.<br>ج- ئەستێرەیەکی شەشلا لە سەرەوەی نوسینەکە نەخشێنراوە.<br>د- نوسینەکانی ناوەندی درهەمەکە بە دوو بازنەی نزیک لە یەک دەورە دراوە. |   |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوە (اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٥٤- ١٨٣؛ عبدالرحمن، ٢٠٢٣، ٣٠٧A- ٣٣٦A)

خشتەیی (٦)

شیکردنەوەی نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی:



| ژ. وێنە | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| ٣ | آ- ڕوی دراوەکە بە دوو بازنەی نزیک لەیەک دەورە دراوە.<br>ب- چەند ئاڵقەیەک و چوارگۆشییەکی بچووک نەخشێنراون بۆ ئەوەی بۆشایی نێوان بازنەکانی ناوەوە دەرەوە پڕ بکاتەوە.<br>ج- نوسینەکانی ڕوی درهەمەکە بە دوو بازنەی نزیک لەیەک دەورە دراوە. |   |

| | | |
|---|---|---|
| | آ- بازنەیەکی ئەستور دەوری پشتی درهەمەکەی داوە.<br>ب- دوو ئاڵقەی سیانی بچوک لەگەڵ سێ ئاڵقەی گەورە ڕازێنراوەتەوە، کە سێ ئاڵقە بچوکەکە شێوە سێگۆشە دروستدەکات<br>ج- ئاڵقەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی دراوەکە نەخشێنراوە.<br>د. دوو سێگۆشەی بەناویەکدا نەخشێنراوە کە شێوەی ئەستێرەی شەش لا دروستکردووە. |  |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوە (اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٥٤- ١٨٣؛ عبدالرحمن، ٢٠٢٣، A٣٠٧- A٣٣٦)

خشتەیی (٧)

شیکردنەوەی نەخش و زەخرەفەی ئەندازەیی:

| ژ. وێنە | شیکردنەوەی زەخرەفەکان | شێوەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| ٤ | ا- بازنەیەک بە دەنکۆڵەی مرواری دروستکراوە وشەی محمد لە ناوەکەی نوسراوە.<br>ب- نەخشێک لەسەر شێوەی خاڵێك (ندبە) نەخشێنراوە.<br>ج- دراوەکە شێوەی بازنەییە، دوو بازنە هەیە، بەڵا بەشێکی دراوەکە شکاوە، بەشێکی زۆری بازنەی دوەم لە ناوچوە. |  |
| | ا- بازنەیەک بە دەنکۆڵەی مرواری دروست کراوە لە ناوی ئەستێرەی شەش لا نەخشێنراوە.<br>ب- ئەستێرەی شەش لا<br>ج- چەند نەخشێک لەسەر شێوەی خاڵێك (ندبە) نەخشێنراوە. |  |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەرچاوە (اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٥٤- ١٨٣؛ عبدالرحمن، ٢٠٢٣، A٣٠٧- A٣٣٦)

## ٧. ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، لە گرنگترینیان بریتین لە:

یەکەم: شەددادییەکان تەنها درهەمیان بە ناوی خۆیان لەسکە داوە، ئەمە نیشانەی هێزوتوانای میرنشینەکە دەردەخات، لەڕوی ئابوری، کەنەی توانیوە دیناری زێر لێبدات،کە بەڵگەیە بۆ بەهێزی ئابوری میرنشینەکە، سەرەڕای ئەمە، لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی هەر میرێک، هەوڵی سڕینەوەی ناوی میری پێش خۆی داوە، ئەمە لە ڕێگای دراوەکان دەردەکەوێت. هەروەها دراو یەکێکە لەمەرجەکانی سەربەخۆیی، لەڕووی ئابوری، توانیویانە ئەم دراوانە لە مامەڵە داراییەکان بەکاربهێنن.

دووەم: میرەکان ئەستێرەی شەش لایان لەسەر دراوەکانیان نەخشاندوە، ئەمە ئاماژەی پێشکەوتوی لایەنی شارستانیەتی میرنشینەکە دەردەخات، کە بۆ یەکەم جار لەناو کوردان بەکارهاتوە.

سێیەم: لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بەسەرچاوە بڵاوکراوە زانستییەکان، ئەوەمان پشتڕاستکردەوە کە میرەکان بۆ چەند مەبەستێک ئەم شێوە ئەستێرەیان نەخشاندوە، یەکێک لەمەبەستەکان گەردوناسی و ئەستێرەناسی بو، بۆ شارەزابون لە دیاردەکانی گەردون، یەکێکی تر لە ژێرکاریگەری شارستانییەتی هێزە ناموسڵمانەکان، بەتایبەت بەشێک لەمیرەکان یان خێزانیان یان دایکیان لە خێزانە دەسەڵتدارە مەسیحیە ئەرمەنییەکان بون. هەروەها بۆ مەبەستی کارئاسانی بازرگانی بوە لە نێوان شەددادی و دەسەڵاتدارە ناموسڵمانەکانی هاوسنوریان، بۆ ئەوەی کێشە بۆ مامەڵە دراویەکانیان دروست نەبێت.

چوارەم: دراوەکانی شەددادی دەوڵەمەندن بە جۆرە جیاوازەکانی نەخش و زەخرەفە، بەتایبەت نەخش وزەخرەفەی نوسین، جۆرەکانی ڕێنوسی کوفی بەکارهاتوە، هەروەها چەندان نەخشی ئەندازەیی لەسەر دراوەکان بەدیدەکرێت، بە پێی سەردەمە جیاوازەکان. ئەمەش دەرخەری ئاگاداری میرەکان بوە لە پێشکەوتنەکانی جیهانی ئیسلامی، هەمو ئەمانە نەخش و ئەندازەیەکی جوانیان بە دراوەکان بەخشیوە.

## سەرچاوەکان:


ابن الأثیر، عزالدین أبو الحسن علي بن أبي الكرم، (١٩٨٧)، الكامل في التاریخ، تحقیق: أبي الفداء عبدالله القاضي، بیروت: دار الكتب العلمیة.

أحمد، باخان قادر، (٢٠٢٣)، سكە لێدراوەكانی شارەكانی كوردستان لە كۆتایی سەردەمی عەبباسی (٥٤٧- ٦٥٦ك/ ١١٥٢- ١٢٥٨ز) لێكۆڵینەوەیەكی شیكاری هونەریە. نمونەی هەڵبژێردراو، نامەی ماستەر، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

اسماعیل، جوان احمد، (٢٠٠٩)، دراسة تحلیلیة لدراهم الخلیفتین أبي جعفر المنصور و المهدي من (١٣٦- ١٦٩هـ/ ٧٥٤- ٧٨٥م) في متاحف إقلیم كوردستان العراق، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین.

بلوط، عمر، (٢٠٢٣)، الزخرفة الرمزیة في الفن الإسلامي، مجلة أبعاد ،مجلد ١٠، العدد ١.

بهنسي، عفیف، (١٩٩٠)، معاني النجوم في الرقش العربي من كتاب الفنون والمضامین المشتركة، دمشق، دار الفكر.

حسن، قادر محمد، (٢٠١١)، الامارات الكوردیة في العهد البویهي (دراسة في علاقتها السیاسیة و الاقتصادیة)، أربیل، مطبعة رۆژهەلات.

حسین، كوثر اسماعیل، (٢٠٠٢)، الحیاة الاقتصادیة والاجتماعیة في اقلیمي أذربیجان وأران خلال القرنین الرابع والخامس الهجریین/ العاشر والحادي عشر المیلادیین، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب جامعة صلاح الدین.

حسن، زكي محمد، (١٩٤٨)، فنون الاسلام، مطبعه لجنه التنضيف والترجمه والنشر، القاهره.

الحسيني، محمد باقر، (١٩٦٨)، الخط- اسلوبه وأنواعه ومميزاته على النقود الاسلامية في العهود السلجوقي، مجلة سومر، المجلد الرابع والعشرون، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد.

الحسيني، محمد باقر، (١٩٦٩)، دراسة تحليلية للعناصر الزخرفية على النقود السلجوقية، مجلة سومر، المجلد الخامس والعشرون، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد.

الحسيني، محمد باقر، (١٩٧٦)، دراسات عن نقود الثوار والشعارات والمنسبات المضروبة في أفريقيا، مجلة المسكوكات، العدد 7، وزارة الاعلام مديرية الأثار العامة، بغداد.

الحسيني، صدرالدين ابو الحسن علي بن ناصر، (١٩٨٥)، زبده التواريخ أخبار الأمراء والملوك السلجوقيه، تحقيق: محمد نورالدين، دار إقرا للنشر والتوزيع.

حمدامين، هاوڕێ جبار، (٢٠٢٣)، دراو وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی دەسەڵاتداریێتی و میرنشینە كوردییەكان لە سەدەكانی (٤-٦ک/ ١٠- ١٢ز)، نامەی ماستەر، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

أبو دية، عدنان أحمد، (٢٠٢١)، النجمة السداسية على العملة الأموية المعربة في دور الضرب المعلومة، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٩، العدد العدد ٥، جامعة بابل.

أبو دية، عدنان أحمد، ٢٠١٣، القيم الرمزية للنجمة السداسية، مجلة جامعة القدس المفتوحة الأبحاث والدراسات، العدد الحادي والثلاثون.

رسول، اسماعيل ، (٢٠٠١)، الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران (من ٣٤٠الى ٥٩٥هـ/ ٩٥١- ١١٩٨م) دراسة سياسية حضارية، أربيل، مؤسسة موكرياني.

رمضان، عاطف منصور محمد، (٢٠٠٨)، النقود الاسلامية وأهميتها في دراسة التاريخ والأثار والحضارة، القاهرة، مكتبة زهراء الشرق.

رمضان، عاطف منصور محمد، (٢٠٠٩)، النقود الاسلامية مصدرا مهما من المصادر التاريخ والأثار والحضارة الاسلامية، للمنتدى الدولي الرابع للنقوش والخطوط والكتابات في عبر العصور"النقود في العالم"، مركز المؤتمرات بمكتبة الأسكندرية، المنتدى الدولي الرابع، الأسكندرية.

روس، (١٩٩٨)، مادة بنو شداد، دائرة المعارف الاسلامية، الجزء العشرين.

الزرد، محمد حامد سلامة، (٢٠١٨)، المسكوكات الاسلامية في بلاد شام في العصرين الأيوبي والمملوكي كمصدر تاريخي (دراسة وثائقية) (٥٦٧- ٩٢٢هـ/ ١١٧١- ١٥١٧ز)، رسالة ماجستير، كليه الأداب ، قسم التاريخ، جامعة الاسلامية بغزه، فلسطين.

السامرائي، خليل ابراهيم، (١٩٨٦)، دراسات تأريخ الفكر العربي، وزارة التعليم العالي وبحث العلمي، جامعة الموصل.

الشامي، رشاد عبداللة، (٢٠٠٠)، الرموز الدينية في اليهودية مركز الدراسات الشرقية العدد ١١، جامعة القاهرة.

أبو شحمة، محمد علي، (٢٠١٧)، المسكوكات من المصادر الأثرية لدراسة تاريخ شبة الجزيرة العربية قبل الاسلام، المجلة العلمية لكلية التربية، المجلد الثالث، العدد التاسع، جامعة مصراتة، ليبيا.

صالح، دعاء بنت محمد بن آحمد، (٢٠١٨)، النجمة السداسية تميمة يهودية، مجلة كلية الدراسات الاسلامية والعربية للبنات بدمحور، العدد الثالث، المجلد الرابع.

الطراونة، خلف فارس، (٢٠١٣)، الكتابات والزخارف على المسكوكات الأيوبية، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە ٦، ٧، سەندیكای شوێنەوارناسانی كوردستان، هەولێر.

عبدالرحمن، هاوكار احمد، (٢٠٢٣)، موصل ناوەندی لەسكەدانی دراو لە (٨٢- ٦٥٦ک/ ٧٠١- ١٢٥٨ز) نمونەی هەڵبژێردراوی بلاوكراوەو وبلاونەكراوە لە مۆزاخانەكانی (بەغداد، هەولێر، سلێمانی) توێژینەوەیەكی شیكاری هونەریە، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

عبدالكريم، بليل، نجمة داود، (٢٠١٠)، شبكة الالوكة. Alukah.net/culture/0/26288

عبود، حيدر وهاب، (٢٠١١)، الحماية القانونية للمسكوكات الأثرية والتراثية، مجلة الحقوق-كلية القانون، المجلد 4، العدد 15، الجامعة المستنصرية. مصر.

العزراوي، عباس، (١٩٥٨)، تاريخ النقود العراقية لما بعد العهود العباسية (من سنة 656هـ/ 1258م الى سنة 1335هـ/ 1917م)، بغداد، طبع شركة التجارة والطباعة.

العظيمي، أبو عبدالله محمد بن محمد بن احمد بن نزار، (١٩٨٤)، تاريخ حلب، تحقيق: ابراهيم زعرور، دمشق.

العمري، يحاوي، (٢٠١٦)، السجل الزخرفي الموحدي على المسكوكات الفضية ودلالاته الرمزية والفنية، دراسات في أثار الوطن العربي، الإتحاد العلم الأثريين العرب وإتحاد الجامعات العربية، أعمال المؤتمر التاسع العشر الأتحاد للأثاريين العرب.

الفارقي، أحمد بن يوسف بن علي بن الأزرق، (٢٠١٤)، تاريخ ميافارقين، تحقيق ودراسة: كريم فاروق الخولي و يوسف بالكون، أستنبول، نوبهار.

ابو الفداء، الملك المؤيد عماد الدين، (١٨٤٠)، تقويم البلدان، باريس، دار الطباعة السلطانية.

القزاز، وداد، (١٩٦٩)، الدرهم الإسلامية المضروبة على طراز الساساني للخلفاء الراشدين في المتحف العراقي، مجلة المسكوكات العدد الأول، وزارة الأعلام مدرية الأثار العامة، بغداد.

القزويني، زكرياء بن محمد بن محمود، (د. ت)، أثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، دار صادر.

القيسي، ناهض عبدالرزاق دفتر، (٢٠٠٩)، الفنون الزخرفة الهربية والاسلامية ،دار المناهج للنشر والتوزيع.

القيسي، ناهض العبدالرزاق دفتر، (١٩٧٦)، الخط الكوفي على المسكوكات الاسلامية في العهد البويهي ٣٢٢- ٤٤٧هـ/ ٩٣٣- ١٠٥٥م، مجلة المسكوكات، العدد ٧، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد.

كسروى، أحمد،(١٣٥٧هـ.ش)، شهر ياران گمنام، چاپ پنجم، تهران، انتشارات أمير كبير.

محمد، أحمد جاسم و كاظم، حسين اسماعيل، (٢٠١٨)، نجمة داود ودلالاتها اللغوية والعقائدية في التراث اليهودي و العالمي https://www.researchgate.net/publication/325158618

مستەفا، مەدی جلال، (٢٠١١)، هونەری نەخش و زەخرەفەی سەر بەرد لە پارێزگای هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٧٠٠- ١٩٠٠ز) توێژینەوەیەكی مەیدانیە، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، بەشی شوێنەوار، زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر.

المقدسي، شمس الدين أبي عبدالله محمد، (٢٠٠٣)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، علق عليه و وضع حواشية: محمد أمين الضناوي، بيروت، دار الكتب العلمية.

المكي الخطاط، محمد طاهر بن عبدالقادر الكردي، (١٩٣٩)، تاريخ الخط العربي وأدابة، المكتبة الهلال.

منجم باشي، أحمد بن لطف الله، (١٩٥٨)، باب في الشدادية من كتاب جامع الدول، تحقيق: ولاديمير مينورسكی، كامبردج.

المور، خلف محمد رمضان، (٢٠١٩)، نقود حمص وحماه في الفترة الأيوبية (نقود حمص وحماه في الفترة الأيوبية (٥٨٣- ٦٤٨هـ/ ١١٧٨- ١٢٥٠م) (دراسة تحليلية مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، قسم الأثار والسياحة، جامعة مؤتة، الأردن.

مینۆرسكی، ڤ.ف، (٢٠٢١)، چەند لێكۆڵینەوەیەک لە مێژووی كوردەكانی قەوقاز، وەرگێڕانی: عەلی نادر، سلێمانی، دەزگای ڕۆشەنبیری جەمال عیرفان.

وشمكير، كيكاوس بن أسكندر بن قابوس، (٢٠٠٧)، كتاب النصيحة المعروف بإسم قابوس نامه، تعريب: محمد صادق نشأت و أمين عبدالمجيد، دار الشرق.

الوكيل، نجلاء ابراهيم محمد و ابراهيم، سحر أحمد و عبدالسلام، هدير سمير، (٢٠١٥)، جماليات الخط العربي في المسكوكات الأسلامية وابتكار تصميمات لطباعة والقطعة الواحدة، مجلة التصميم الدولة، المجلد 1، الجمعية العلمية للمصمين، مصر.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله، (١٩٧٧)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.

Akopyan, Alexander. (2017), Dvin Emîri İskender B. Şavur'un Darp Ettiği Şeddâdî Sikkelerine Dair, Çeviren: Nevzat Keleş, The Journal Of Bingol Studies, Bingöl Araştirmalari Dergisi, Bingol University, Cilt/Vol. 4. Sayı/Issue: 1.

Akopyan, Alexander, (2015), Dvin in the eleventh and twelfth centuries. City history in the light of new numismatic materials, International Numismatic Congress Taormina, Vol.XV

Akopyan, Alexander, (2008), A Unique Coin of The Shaddadid Ruler, Ashot Ibn Shawur, Journal of Oriental Numismatic Society Vol. 195.

Album, Stephen, (2011), Checklist of Islamic Coins, Published By Stephen Album Rare Coins P.O. Box 7386 Santa Rosa Ca 95407.

Altman, M M, (1949), Historical Outline Ganja Cities, Baku, Academy of Sciences of The Azerbaijan Ssr Institute Of Hestory Them . A. Bakikhanova.

Canzt. Paul, Kaplan. Kalman, (2014), http://www.springerreference.com/index/chapterdbid/307600

Hamadamen, Hawre J., and Haidar Lashkry. 2024. "The Coins of Daysam Ibn Ibrahim Al-Kurdi As A Historical Source Of His Reign ". KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES 6 (2):146-61. https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161.

Krachkovskaya, V. A, (1946), Seal Of Bagratid Ashot With Arabic Inscription, Publishing House Of The Academy Of Sciences Of The Ussr Moscow. Velum XII, Leningrad.

Lebedev, V.P, Markov. D.B, 2013, Shaddadids: Coins Of Shavur 6. Fadl And His Sons Under The Seljukh, Num Ismatic Readings 2013 Moscow, November 19-20, (2013) Mourials Of Beclads And Messages, Moscow

Lebedev/Markov/Koifman – Lebedev V., Markov D., Koifman A., 2006), Monetnoe Delo I Monetnoe Obraschenie Gandzhiyskogo Emirata Sheddadidov (Ser. X – Xi Vv.), Moscow.

Markov. A, (1896), Inventarniy Katalog Gosudarstvennogo Imperatricheskogo Ermitazha, I, St. Petersburg.

Rajabli ,Ali, (1997), Numizmatika Azerbaydzhana, Baku.

Shabanov, Mustafa, (2019), Shaddadid Ruler Abu`L-Fath Mūsa Bin Fażl And His Coins, Elm və İnnovativ Texnologiyalar Jurnalı Nömrə7, DOI:10.5782/2616-4418.7.2019.38.

Ter- Ghewondyan, Aram, (1976), The Arab Emirates in Bagratid Armenia. English Translation by N.G. Garsoian, Lisbon, Calouste Gulbenkian Foundation Armenia.

Vardanyan, Aram, Zlobin, Gennadiy, (2014), A Mixed Hoard of Eleventh Century Coins Found in Azerbaijan, London, The Royal Numismatic Society.

Vardanyan, Aram, (2015), Christian- Islamic Symbiosis Emerged in Money: Coins as A Tool for Political and Economic Propaganda, Shedet Annual Pree-Reviewed of The Faculty of Archaeology – Fayoum University, Issus No. 2.

ZENO – www.zeno.ru Online Coin Data-Base.

## پەراوێزەکان

[1] بەردەعە- برذعة: گەورەترین شاری هەرێمی ئاران، بەپێی گێڕانەوە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و شاهـ قوباد بنیادی ناوە (القزويني، د.ت، ٥١٢)، هەڵکەوتەکەی نزیک ڕوباری (الكر) (المقدسي، ٢٠٠٣: ٢٨٢) کۆتا سنوری هەرێمەکەشە، (ياقوت الحموي، ١٩٧٧: ١/ ٣٧٩) چەندین بازاڕی تێدابو، خاکێکی بە پیت بو و بەرهەمی زۆری هەبووە، کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی (قزويني، د.ت، ٥١٢).

[2] گەنجە: یەکێک بو لە شارە بەناوبانگەکانی هەرێمی ئاران، دەکەوێتە ڕۆژاوای شاری بەردەعە، لە لایەن وڵاتناسان بە هەردو ناوەکە هاتووە (ياقوت الحموي، ١٩٧٧: ٤/ ٤٨٢؛ أبوالفداء، 1840: 405 ). بە پێی گێڕانەوە کۆنەکان بێت ئەم شارە لە پێش ئیسلام هەبووە، ئاگردانی زەردەشتیەکانی لێبوە، دوای وڵاتگیری موسڵمانەکان شارەکە نۆژەنکرایەوە، پێی وتراوە گەنجە، واتای شارە نوێیەکە (القزويني، د.ت: ٥٢٢).

[3] شارێکە لە هەرێمی ئاران، بە قەڵا زۆرەکانی بەناوبانگ بو، لەنزیک شاری گەنجە هەڵکەوتوە، بە نزیکەی دە فەرسەخ (٦٠کم)، لە شاری گەنجەوە دورە (ابن حوقل،١٩٩٢، هەندێ جار بە شآری المتوكلية ناسراوە چونکە دوای وێران بونی خەلیفەی عەباسی (المتوكل ٢٣٢- ٢٤٧ک/ ٨٤٦- ٨٦١ز ) جارێکی تر ئاوەدانی کردەوە (حسين، ٢٠٠٢، ٢٥).

[4] دوین- دڤین- دبيل:- گەورەترین شاری هەرێمی ئەرمینیا بو، بە ئەندازەیەک بە پایەتەختی هەرێمەکە دادەنرا، لە سەر سنوری هەرێمی ئاران (ياقوت الحموي، ١٩٧٧: ٢/٤٣٨-٤٣٩) شارێکی جوان و سەرنجڕاکێشە بە داهات و خێرو بێرێکی زۆر بەناوبانگ بو، چەندین مزگەوت و پەرستگای ئاینی مەسیحیەکانی تێدا دروستکرابو (المقدسي، ٢٠٠٣: ٢٨٣). بنکەی سەرەکی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە بو (ابن حوقل، ١٩٩٢: ٢٩٤).

[5] ئانی: شارێکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئەرمینیا هەڵکەوتەکەی لە نزیک ڕوباری (الرس) و لەنێوان شارەکانی خەڵات و گەنجە دایە، بە ناوەندی هەرێمی ئەرمینیای گەورە دادەنرێت، هاوکات بە شاری ١٠٠١ کڵێساش بەناوبانگە، باخ و بیستان و میوەجاتی زۆری هەبووە (ياقوت الحموي، ١٩٧٧: ١/ ٥٩).

[6] ماجین بریتییە لە پلێتێکی کانزایی، کە جەنگاور بە دەستییەوە دەگرێت، بۆ ئەوەی بەرگری پێ لەخۆی بکات، لە لێدانی تیر یاخور شمشیر، وەک زرێپۆش بەکارهاتوە (محمد، كاظم، ٢٠١٨، ٣)